# جارێکی تر مانۆڕەکانی ئێران وتورکیا بۆسەرهەرێمی کوردستان

**فەرەیدون حەمەڕەشید**
faraidun_73@hotmail.com

ئەزموونی هەرێمی کوردستان بەدرێژایی چەندساڵی ڕابردوو بەهەمووکەموکورتیەکانییەوە وەتایبەتتردوای ڕووخانی بەعس ودانپێدانانی دەسەڵات لەم هەرێمەدا وەک دیفاکتۆیەکی کەم تازۆرلەئاستی نێودەولەتیدا وولاتانی ناوچەی هەراسان و نیگەران کردووە،ڕاستیەکەشی لەخوێندنەوە وڕووە ڕیالیستییەکەیدا ئەوبەدیفاکتۆبوونەی کوردکەخۆی لەهەرێمی کوردستان دەبینێتەوە ناڕاستەوخۆ داینەمۆی گۆڕان وکاریگەری لەکات ومەودایەکی نەزانراودا دەکاتەسەر هەلومەرجی سیاسی وکۆمەڵایەتی وولاتانی ناوچەکە،بەتایبەت ئەو وولاتانەی کوردلەبندەستیانداهەیە،هەرئەم شۆک بوون وترسە بۆتەخاڵێکی هاوبەشی وولاتانی ئیقلیمی کەسەرەڕای ناکۆکی وململانێ مێژوویەکانی نێوانیان لەساڵی 1991 وەتائەمڕۆلەئاستێکی باڵای دبلۆماتیدا کۆبوونەوەی بەردەوام لەترسی تارمایی گۆڕانە تەحەمول نەکراوەکان ئەنجام بدەن،.

لەچەندرۆژی ڕابردوودابۆجارێکیترکۆماری ئیسلامی ئێران گووندەکانی بناری قەندیلی بۆردوومان کرد بەبینانوی هێزەکانی ( پارتی کرێکارانی کوردستان)،هاوکات میدیای تورکیادەستیکردۆتەوەبەمانۆڕی ڕاگەیاندن بۆلەشکرکێشی بۆناوەوەی سنوورەکانی کوردستان بەهەربەهانەیەک خۆی ناوی دەنێت، ئەمەلەکاتێکدایە کەوولاتانی دراوسێ لەئەمڕۆدا جیاوازلەڕابردوو بەدوو وەڵام پرسیاری خۆیان بۆئەوسەرکێشییەی هەمیشەبەڕاگەیاندن وبەکردەوەلەبۆسەدایە وەرگرتووە،1_بەوەی لەسەرئاستی هەرێمی کوردستان ولەسەرزاری سەرۆک کۆماری عێراق و وەزیری دەرەوە ئەوەیان پێگوتراوە کەپرۆتۆکۆلی میراتی ڕژێمی لەناوچوو بۆچوونەناوقولایی سنووری یەکترکاری پێناکرێت.2_تورکیالەلایەن باڵوێزی وولاتەیەگرتووەکانەوە ڕوزویلسن ئاگادرکراوە بەوەی چوونەناوباکوری عێراق مەرامەکانی تورکیا بەدیناهێنێت وکێشەی (پێ،کا،کا)لـەوێداچارەسەرناکرێت،کەواتەبەپێی بۆچوونەکان تۆببارنکردنەکانی بناری قەندیل و لەشکرکێشیەکانی ناومیدیایی تورکیا ودوورلەپراکتیک بۆسەرهەرێمی کوردستان پزیسکی کاردانەوەی قەیرانەکانی شەڕەلەباشوری لوبنان بەوەی ئەمانیش مافی ئەوەیان هەیەلەگەڵ نەیاران و خوازراوەکانی

تەنگەتاوی کردوون فرسەت وهەلی دەست والابوون بەدەست بهێنن، بەڵام چڕکردنەوەی ئەم تاکتیکەبۆقەفقازبوونەک بۆکوردستان،چوونکە لە قەیران وپێکادانە سیاسییەکانی پانزەساڵی ڕابردووی نێوان حکومەتی ڕوسیا وچەکدارەکانی چیچان و ئەنگۆشیا هەمیشەڕوسیا بۆهەڵکوتانەسەرئەوناوچەیە جۆرێک لەکاتی هەڵئەبژارد بۆهێرشەکان،تاهێرشەکان سـەرزەنشت نەکرێت ونەبێتە ووروژاندنی ڕای گشتی جیهان و دەخالەتکردنی ئەمریکاو ڕۆژئاوا،تاکتیکی ئەوئۆپراسێۆنانەش لەوەدابوو هەرکاتێک ئیسرائیل لەگەڵ حەماسی ئیسلامی وحزبولای لوبنانی لەگەرمەی پێکدادان و ڕووبەڕوو بونەوەبوایە ڕوسیالەبەرامبەرهەڵبژاردنی بێدەنگی لەوپێکدادانە دەستی دەبردبۆهێرشبردنەسەرنەیارەکانی خۆی لەقەفقاز،ووڵاتانی ناوچەی دەبێت باش لەوەبگەن کەلاسایکردنەوەودرێژەدان بەوشێوەتاکتیکە لەبەرامبەرخەڵکی کوردستان وئەوهەرێمەی ڕۆژبەڕۆژپایەکانی خۆی لەناوکۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان وڕێکخراوەمرۆڤدۆستەکان قایمتردەکات تاکتیکێکی لەبارچووە چونکەهەرێمی کوردستان چیچان وئەنگۆشیانیەتادەسەلات توندڕەووی ئیسلامی بێت وتیرۆرخۆی تیامەڵاس دابێت وبکرێتەقوربانی هاوکێشەی شەڕی ماڵوێرانکەری توندڕەوی ئیسلامی ودەوڵەتی ئیسرائیل، بەڵکوهەرێمی کوردستان ئەگەرزیادەڕۆی تێدانەبێت لەدوای کارەساتی **11** ی سێپتەمبەری نێۆرک وهاتنی پرۆژەکانی ئەمریکاوڕۆژئاوا بۆناوچەکە تاکەپێگەیەکەکەبیەوێت لەگەڵ ڕەووتی گۆڕانەکان هەنگاوبنێت وئەزموون بێت بۆڕۆژئاوا،کەواتەتۆبباران وقسەلەسەرهێرشکردن بۆئەم هەرێمەوەکوئەزموونی بێدەنگی هەڵبژاردنی ڕای گشتی بۆچیچان شتێکی ترە چونکەشوناسی کارنامەی سیاسی هەرێمی کوردستان پێچەوانەی شوناسەلەودەڤەرە،گەرتۆبباران وهەڕەشەی لەشکرکێشی بۆقبووڵنەکردنی بەدیفاکتۆبوونی هەرێمی کوردستان بێت ئەواگۆڕانێکی حەتمییەوتەوژمێکی فراونتریشی لەپشتەوەدەشبێت پێشوازی لێبکرێت نەک ئەومانۆڕەتەقلیدیانەی هەرجارەی بەبەهانەیەکی قبوڵنەکراو لەکات وساتێکی دیاری نەکراو لەبەرامبەرخەڵکی کوردستان نمایش دەکرێت .

_ سویسرا22.07.06